# زانستگا دیدەی زانست نەدیدە!

**چ ناڕەوایە، بە هێدی بڵێی هەراش**
**چ بەدە، بە بەدکاریش بڵێی پیاوچاک و باش**
**چ جوانە، هەرکەسە کارنامەی خۆی بەیتە دەستی**
**نە وەسفی زیادە لە کەس کەی، نە ناڕەواش هەڵبەستی**

ئەگەر چاوێک بە جهاندا بخشێنین، پێشکەوتن لە هەموو بوارێکدا ئەبینین. ئەم پێشکەوتنە دەسکەوتی زانستە. مەکۆی زانستیش زانستگایە! کەسانێک کە ئارەزوی زانستیان هەیە ئەرۆنە زانستگا، لەو بەشەی کە پییان باشە درێژە بە خوێندن ئەدەن، پاش کۆتایی دەورەکە بە دوو دەسکەوەتەوە لە کۆمەڵگادا دەس بەکار ئەکەن.

**یەکەمین دەسکەوت:**
یەکەمین دەسکەوت، بەڵگنامەیەکە لە لایەن زانستگاوە بەناوەکانی **موهەندیس، دوکتۆر و پروفسۆر** پێیان ئەدرێ، ئەم دەسکەوتە پێناسەی کارییە، بە یارمەتی ئەو پێناسە کارێکی تایبەت بە خۆیان لە بازاری کاردا بەدەس ئێنن تا ژیانێکی سادە و ساکاری پێدابین ئەکەن.

**دووهەمین دەسکەوت:**
ئەم دەسکەوتە بە چاو نابینرێ، بەرزی و نزمی پلەکەی لە لایەن زانستگاوە دیاری نەکرێت. ئەم دەسکەوتە زۆر پیرۆزە، لە کردار و رەفتار، بەیان و بیرکردنەوەی زانسگاییەکاندا دەبنرێ. <u>دەور و بەرەکەیان دۆست بن یا دوژمن هەستی پێئەکەن</u>! زانستگاییەکان رووداوەکان وردبینانە هەڵئەسەنگێن، بیر لەناوەرۆکی رووداوەکان ئەکەنەوە، بە شێوەی زانستی تاووتۆی ئەکەن، ئەگەر دیدو بۆچونێکیشیان سەبارەت بە رووداوێک، یا کەسێک هەبێ، بە روونی و بێ سوکایەتیکردن دەریئەبڕن.
**هۆی ئەم کارە چییە؟** هەموو مرۆڤێک هەست بە بەرپرسیاری ئەکات، بەڵام زانستگاییەکان زیاتر هەستی پێئەکەن. کەسێک کە چووبێتە زانستگاوە پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە بەرزە، زۆر ناسکە! بە هۆی ئەو ناسکییەوە زۆر هۆشیارانە، زۆر لەسەرخۆ و بە ئەدەبەوە ئەڕاتە ناو باس و مەسئەلەکان، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە پلە و پایەی ئەو زانستگا کە بەڵگە و شەهادەی پێداوە زیانی پێنەگات و لە کۆمەڵگادا نەیەتە خوارەوە، هەروەها کۆمەڵگاش دوور لە ئاژاوە گەش بکات!

**گۆمەڵگای کوردەواری زانستگا.**
هەموو ئەوە ئەزانین، رادەی ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگای خۆماندا زانستگایان تەواو کرد بێت، بە نیسبەت لەگەڵ نەتەوەکانی دەروو و بەری کوردستان کەمترە، بەڵام رەرەوی ژیان لە کوردستانیش بەرەو پێش ئەچێ و درەختی زانست لەو مەڵبەندەش تا رادەیەک هاتووەتە بەر و کەسانێک بە پلەی موهەندسی و دوکتۆری زانستگایان تەواو کردووە، یەکێک لەو کەسانە بەرێز حسین خەلیقی یە کە مەدرەکی دوکتۆرییان هەیە و کۆمەڵێک کتێبی نووسیوە، لێرەدا سیان دەسنیشان ئەکەم کە بریتن لە:
1– **داستانی مافی مرۆڤ** 2 – **بناخەگشتییەکانی کۆمەڵناسی** 3 – **پرسیار و وەڵام سەبارەت بە مافی مرۆڤ،** هەروەها وەک کەسێکی سیاسی وتاری سیاسی حەفتانە بۆ رادیۆی کوردی ئاشتی، لە ستۆکهۆڵم ئامادە ئەکات. ئەو وتارانەی کە پێوەندی بە سیستمی سیاسی پێشووی ئێران و ئاخرین پادشای واتە (محەمەد رەزا شا)وە، بێت، ناوی حەمە رەزا شاە بەکار ئەبەن، بۆ نموونە: وتاری رۆژی 20/7/ 2008

بۆ ئەوەی بزانین گۆڕینی ئەو ناوە کارێکی باشە یا بەد، پێناسەیەکی کورتی (**ناو**)مان پێویستە!

**ناو وەشەیەکە کە بۆ ناساندنی مرۆڤ و ئاژەڵ و شتی دیکە بەکار ئەبرد.**
**ناو چەن جۆرە، بۆ نموونە: ناوی گشتی و ناوی تایبەتی.**
**ناو وەک ناو بۆ وەرگێران نابێت، وەک خۆی بەکار ئەبرێت.**
**ناو لە باری مافەوە، سەرەتایترین مافە بۆ هەر بوونەوەرێکی گیاندار یا بێگیان.**
**ناو لە کۆمەڵگای مرۆڤدا – لە گۆمەڵگای مرۆڤدا ناوی مێینە و نێرینە تا رادەیەک جیاوازە.**

**بۆ نموونە: روناک – کاتارینا – سانیا – بۆ مێینە.**
**ئازاد – ئارام – ماگنۆس و محەمەد – بۆ نێرینە.**
با بەو پێناسە کورتە رازی بین و بڕۆینە سەر ناوی **حەمە رەزا یا محەمەد رەزا.** لەو ناوچانەی کە وان لە ژێر دەسەڵاتی ئاینی ئیسلامدا محەمەد ناو زۆرە. ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە رابەری ئاینی ئیسلام ناوی محەمەد بووە. هەر بەو هۆیە ئەو ناوە گەیشوەتە دەرباری پادشاکان و ئاخرین پادشای ئێرانیش ناوی محەمەد رەزا بووە. لە دیاریکردنی ناوی منالدا، منالْ دەسەڵاتی نەبووە و نییە، شای ئێرانیش ئەو ناوەی خۆی، بۆ خۆی هەڵی نەبژاردووە، تا کەسێک بڵێت، ئەو کەسە شایستەی ئەو ناوە هەیە، یا نییە. ناو بۆ مرۆڤ جگە لە ناو شتێکی دیکە نییە، بەڵکو <u>ناوەرۆکی ژیانە کەسایەتی</u> هەر کەسێک بۆ دەوروبەرەکەی ئەخاتە روو.

نووسەری ئەم چەند دێڕە گۆڕینی ئەو ناوە بە سوکایەتیکردن بە **دوو لایەن** ئەزانێ بەگشتی و بەتایبەتیش لە نووسینی <u>وتارێکی سیاسی کە کۆمەڵێک خەڵک بیخوێنتەوە و بییەوێ لێوەی فێر ببێ</u>، <u>**زۆر زیانبەخش ئەبێ!**</u>

**با بڕۆینە سەر لایەنەکانی ئەو باسە.**
**لایەنی یەکەم.** محەمەد رەزا، وەک شای ئێران کارنامەیەکی دیکتاتۆرانەی بووە. هەر بەو هۆیە بەڕێز خەلیقی پی باش نییە ناوی محەمەدێک کە رابەری ئایینی ئیسلامە بۆ کەسێکی دیکتاتۆر بەکار بتات، واتە ئەو کەسە شایستەی ئەو ناوە نییە. هەر وەک لە سەرەوە باسکرا ناو سەرەتایترین مافی مرۆڤە و پێویستە رێزی لێبگیرێت، وەک خاوەنەکەی چلۆن خۆی، بۆ خۆی بەکاری ئەبات ئەبێ بەکار ببرێت. ئەگەر رەخنە، یا لێکۆڵینەوەت لە سەر ژیانی سیاسی ئەو کەسە هەبێ، بێچاوپۆشی کردن سیاستە چەوتەکانی دەسنیشان بکە.

**لایەن دووهەم**: لە هەنێ ناوچەی کوردستان لە بری محەمەد ئەڵێن حەمە، بۆ نموونە حەمە- حەمە عەلی - حەمە حسین و حەمە سەعی. <u>ئەوەش گشتی نییە و هەموو خەڵکە ئەو ناوە بەکار نابەن</u>، هەر محەمەد بەکار ئەبەن!

بەڕێز خەلیقی ناوی حەمە بۆ ئەو کەسە بەکار ئەبات. ئایا لە خانەوادەی پەهلەوییەکاندا کەسێک بووە ناوبراو بە ناوی حەمە رەزاوە بانگ بکەن، تا بەڕێز خەلیقی ئەو ناوەی بۆ بەکار بتات؟ ئایا ئەوە سوکایەتی کردن بەو کەسانە نییە کە بەناوی حەمەوە بانگیان ئەکەن؟! ئەم باسەم لە رادیۆ ئاشتی خستە بەر دەستیان، بەو جۆرەیان وەڵام دایەوە: {( **ئەوە بە مەبەستی ئیهانە و سوکایەتی کردن نییە، لە ناوچەی ئێمە بە محەمەد ئەڵێن حەمە، لە ئاخاوتنی خۆمانە ئەو کێشی زمانە، ئەوە زارە.** <u>**هیوادارم کاک سەعی یش (محەمەد)دەکە لەگۆڵ خۆی بکاتەوە، چونکە پیر بووە، لەمە بە دوا ناتوانێ هەڵگرێ.)**</u> **ئەو بەرنامە لە ئارشیوی رادیۆ ئاشتی هەیە}.**

**ئەو وەڵامەی بەڕێز خەلیقی دوو بەشە.**
با لە پێشدا بڕۆینە سەر وەڵامی یەکەمیان سەبارەت بە ناوی حەمە و حەمە رەزا.
بۆ روونبوونەوەی ئەم باسە چەن نموونەیەک وەک بەڵگە لە کتێبێکی <u>خودی دوکتۆر خەلیقی کە بە کوردی نووسیویانە</u> دەسنیشان ئەکەم، کە بەو جۆرەیان نووسیوە:
**{( دوکتۆر ئیحسان محەمەد حەسەن – وەرگێڕ محەمەد سادقی فەرەهمەند – دوکتۆر قوبادی محەمەد ئیسماعیل – محمد تقی بروەند – محەمەدی موجتەهیدی شەبستەری) کتێبی- بناغە گشتییەکانی کۆمەڵناسی**
لاپەرەکانی 18– 170– 218 – 290 – 326 – 335 }.

<u>با لێرەدا ئەم پرسیارە لە دوکتۆر بکەین، محەمەد رەزا شا کورد نییە، بەڵام ناوەکەی بە پێی ئاخافتنی ئێوە و ناوچەکەی ئێوە ئەبێ بە حەمە رەزا، ئەو 5 کەسەی سەرەوەش ناویان محەمەدە و کوردیش نین. بۆ ئەو محەمەدانە لەو کتێبە کوردییەی ئێوەدا نەکراون بە حەمە ؟</u>

با بۆ دروستی و نا دروستی وەڵامەکەی بەڕێز خەلیقی تماشای ئەو دوو بەڵگەی خوارەوەیش بکەین:
1- لە پێش پێکهاتنی کۆمارەوە رێبەرایەتی جوڵانەوەی نەتەوەکەمان لە سەرشانی پێشەوا قازی **محەمەد** بوو،...
لاپەڕە 40 ی هەمان کتێبی بناغە گشتییەکانی کۆمەڵناسی.
2 – ئەو کات کاک مەلا محەمەدی جوانرۆیی لە سەر دۆخی شەڕ......
لاپەرە – 264 - کتیبی ژان و ژیان

به پێی ئاخافتنی ئەوان و ناوچەکەی ئەوان محەمەد ئەبێ بە حەمە، ئەو 2 ناوەی سەرەوەش ناویان محەمەدە و کوردیشن. بۆ ئەو محەمەدانە لەو کتێبە کوردییەی ئێوەدا نەکراون بە حەمە ؟

راستی ئەوەیە پرەنسیب و بەرپرسیاری کەسێکی زانستگایی سەربارەت بە وتارێکی رادیۆیی خۆی، یا چەواشە کردنی باسەکە و سەر لەخەڵک شێواندنە ؟!

بۆ روونکردنەوەی باسەکەمان چەن ناوی ئاشنا لە جهانی کورد دا دەسنیشان ئەکەم.
1 - مەسعود محەمەد - نووسەر 2 - شیخ محەمەدی خاڵ - نووسەر 3 - محەمەدی قازی - نووسەر







**محەمەدی قازی**
وێنە لە بڵاو کراوەی فارسی **مهر**

لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، لە ناو هەموو چین و توێژەکانیدا خەڵک کەسانێک بووە و هەیە کە ناویان محەمەدە و هەر بەو ناوەوە ناسراون و هەر بەو ناوە بانگ کراون و خۆیان ناساندوە، نەک بە **حەمە!**

هۆی ئەوە لە چیدایە؟ هۆکەی ئەوەیە ناوی حەمە وەک ناو تا ئەمڕۆ بە ناو نەناسراوە، بەڵکو دڵخوازانەیە!
ئەگەر کەسێک ناوی حەمە بۆ کەسێک کە ناوی محەمەدە و بەو ناوی حەمەوە بانگ نەکراوە، بەکار ببات بێ مەبەست نییە!
بۆ نموونە ئەگەر لە نووسراوەیەک، یا لە کوڕێکدا کەسێک لەبری مەسعود محەمەد- **مەسعود حەمە**، لەبری محمدی خاڵ- **حەمەی خاڵ**، لەبری محەمەدی قازی **حەمەی قازی** – لەبری قازی محەمەد- **قازی حەمە** و لەبری مەلا محەمەدی جوانڕۆیی- **مەلا حەمەی جوانڕۆی** بەکار ببات، ئەم پرسیارە لەو کەسە بکرێت: بۆچ ئەو ناوانە بەکار ئەبەیت؟
شاید ئەو کەسە دوای کۆمەڵێک شیکردنەوە لە وەڵامدا بڵێ: مەگەر تۆ بروات بە ئازادی نییە؟

**با بڕۆینە سەر بەشی دووهەمی وەڵامەکەیان**
بەڕێز دوکتۆر خەلیقی ئەفەرمون: هیوادارم کاک سەعی (محەمە)دەکە لەگوڵ خۆی بکاتەوە، چونکە پیر بووە، لەمە دوا ناتوانێ هەڵگرێ.
ناوی محەمەد- بەد بێ، یا باش، بەشێکە لە ناوی من. لە پاسپۆرتەکەم، لە لیگتیماخونەکەم و لەو سجیلەی کە لە سەقز بۆیان ورگرتووم ئەو ناوەی تێکدایە، جا ناوێکی کوردی بێ، یا تورکی یا عەرەبی، ناوی خۆمە، شانازی پێوە ئەکەم! ئەو ناوە باوک و دایکم بۆیان دیاری کردووم، بەو ناوەوە بانگیان کردووم. ئەو ناوە جوان بێ، یا ناشیرین بە سەدان ناوی وەک ئازاد - ئارام - ماگنۆس - مارکس و مەنتسکیۆی ناگۆڕمەوە.

**بەڕێز خەلیقی وەک کەسێکی زانستگا دیدە، ئەفەرموون چونکە پیر بووی لەمە بەدوا ناتوانی ئەو ناوە هەڵبگری.**
راستی ئەم دەرسەتان لە کام زانستگا خوێندووە؟
ئەم باسەتان لە کام قوتابخانە و کام حیزب و رێکخراوە، کام مەکتەب و ئیدئۆلۆژیی سیاسیدا دیوە؟
لە کام شار و گوندی کوردستان و سوید و جهاندا بووە و هەیە کە خەڵکی بە هۆی پیرییەوە بەشێک لە ناوەکەی کورت کاتەوە؟!

ئەو قسەتان زۆر دروستە من تەمەنم چووەتە سەرەوە، مانای پیریش ئەزانم، **بەڵام سەد حەیف و مخابن لەو کەسانە نیم کە لەباری تێگەیشتن و جهان بینیەوە بە پلە و درەجەی پیری بگەم، خۆزگە پیر ئەبووم و بە پلە و دەرجەی پیری ئەگەیشم!**

700 ساڵ پێش شاعیری خۆش بەیانی فارس حافز شیرازی لە دیوانەکەیدا دەیان جار وەسفی پیرانی کردووە.

**منم که گوشه میخانه خانقاه منست**    **دعای پیر مغان ورد صبحگاه منست** – لاپەرە- 59

**بنده پیر مغانم که ز جهلم برهاند**    **پیر ما هر چه کند عین عنایت برهاند** – لاپەرە - 174

**نیکی پیر مغان بین که چو ما بدمستان**    **هر چه کردیم به چشم کرمش زیبا بود**– لاپەرە- 223

**به پیر میکده گفتم که چیست راه نجات**    **بخواست جام می و گفت عیب پوشیدن** – لاپەرەکانی – 427

بەڵام تۆی دوکتۆری ئەمرۆ، ئەمرۆی جهانی تەنیک و زانست بەو شێوە بیر ئەکەنەوە، ئەگەر تۆێ دوکتۆر خەلیقی **تەنیا رۆژێک بە دڵ، نەک بەپێ – بە دڵ، نەک بەپێ** لە زانستگا ببوایەتن و هەوڵی فێربوونی زانستان بدایەت، لە مانای پیر ئەگەیشتن و بە چاوی سووکەوە لە پیرتان نە ئەروانی.

ئەم دوکتۆر و زانستگاییەی ئێمە بەو جۆرە تماشای مرۆڤ ئەکات و دوو کتێبیش سەبارەت بە مافی مرۆڤ ئەنووسین. ئایا کەسێک کە مانای مرۆڤ بزانێت، بەو جۆرە بیر ئەکاتەوە؟

**قور بەسەر ئەو مرۆڤە کە تۆ کتێبی بۆ ئەنووسیت.**

راستی دوکتۆرێک، دوکتۆرێکی سیاسی کە ئایەتوڵا خومەینی، بە ئیمامی خۆی بزانێ، خومەینییەک کە فتوای جهادی بۆ کوردی ئەدا- ئەینەڕان و ئەیکوت شەڕ بەرەکتی خودایە، و ئەیشیفەرموو ئێقتساد هی کەرە، ئەم دوکتۆرە چۆن لەوە باشتر ئەبێ و چۆن ئەتوانێ لە ئازادی بگات و بە ئەدەبانە لە باسەکان بکۆڵێتەوە و بە زمانی سالم بنووسێت و بدوێت و لە دنیای پیرانیش بگات ؟

**قور بە سەر ئەو زانستگا تۆ خوێنکاری بوویێتی و بەڵگەی دوکتۆری پێدابێتی !**

لێرەدا چەند دێڕیکی سویدی و کوردی سەبارەت بە جهانی پیری کە پێشتر نووسیومە، ئەیخەمە بەر دەستان

**راچڵەکین**

**کاتژمێر ئەدوێ،**
**تێناگەین!**

**شانە رەنگ ئەکا،**
**بیری پێنادەین!**

**ئاوێنە وێنە ئەگرێ،**
**تماشای ناکەین!**

**گۆچان لەناکاو**
**پەیا ئەبێ و ئەگرمێنێ،**
**ئێمەیش رادەچڵەکێین**
**بەڵام هەر بۆ رۆژ و دانێ!!**

**SE UPP**

**Klockan talar,**
**vi förstår inte**

**Kammen målar,**
**vi tänker inte**

**Spegeln ritar,**
**vi ser inte**

**Käppen kommer**
**plösligt och klinga,**
**vi vaknar men bara**
**i några dagar**



Bild från Internet

لە کۆتاییدا, دوا لەم دوکتۆرە زانا و بلیمەتە ئەکەم روونکرنەوەیەک سەربارەت بە **وشە و ناوی محەمەد** کە بۆ مرۆڤ بەکار ئەبرێت بخەنە بەردەستی خەڵکەوە، تا لە مانای **(ناو) و (ناوەرۆکی)** ژیان بگەین و نان بەنرخی رۆژ نەخوین.

سەعی سەقزی
2008-09-16
qayshi@yahoo.com